گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دوای ٢٠٠٣*

**غانم كريم محمد**
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان-کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ـ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر ـ کوردستان ـ عێراق
ghanmkarim30@gmail.com
**موسى محمد كەڤاڵ**
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ـ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر ـ کوردستان ـ عێراق
musa.kaval@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:2020/5/20
پەسەندکردن:٢٠٢٠/٧/١٩
بڵاو کردنەوە:بەهاری 2020

United States of America, Iraq, Kurdistan Region, Kurdistani areas outside the region, Iraq

## پوختە

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە پێی زۆربەی بەڵگەنامە مێژووی و یاساییەکان بەشێکن لە خاکی هەرێمی کوردستان، بە پێی ڕێوشوێنە یاسایی و دەستورییەکان دەبوو پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم کێشەیە چارەسەر کرابایە، بەڵام تا ئێستا بە هەڵپەسێدراوی ماوەتەوە لەنێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە چوارچێوەی دوو بەشی تیۆری و پراکتیکیدا تەنگژەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕوونبکرێتەوە، هەڵوێست و سیاسەتی ویلایەتە

* توێژینەوەیەکە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی (غانم كريم محمد) بە ناونیشانی (سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی عێراق: تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٨ وەک نموونە)، بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. موسى محمد كەڤاڵ)، لە زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کە وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لێی هەڵێنجراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتەکانی عێراق دوای ٢٠٠٣ لەسەر چارەسەرە یاسایی و دەستورییەکان باسکراوە.

گەیشتینە ئەوەی کە ئەمەریکا لەگەڵ چارەسەری یاسایی و دەستورییە، بەڵام کاری بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ و مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ نەکردووە، نەیویستووە دەستبخاتە نێو بابەتەکەوە، زیاتر بەڕێوەبردن بە تەنگژەکە دەکات و دەیەوێت ئەو ناوچانە بە تەواوەتی نەچنەوە سەر هیچ کام لە هەرێم و ناوەند، بەڵکو لەگەڵ حکومڕانی هاوبەشە لەو ناوچانەدا، بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی لە ناوچەکەدا.

Constitution 2005, Referendum.

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.2.03

# پێشەکی

سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دوای 2003، پرس و بابەتێکی گرنگ و بایەخدارە، لە هەر شوێنێکی جیهان هەر تەنگژەیەک هەبێت لەوێ چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت ئەمەریکا بوونی هەیە.

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕەنگدانەوەی تایبەتیان لەسەر ستراتیژ و سیاسەتی دەوڵەتی ئەمەریکا هەبووە بەرامبەر بە عێراق، ئەمەریکا خاوەن سیاسەت و بەرنامەیە بۆ کێشە و تەنگژەکانی سەر ئەو ناوچانە، بەڵام بەرژەوەندی و پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان وایان کردووە پەلە لە جێبەجێکردنیان نەکات.

ئەم تەنگژەیە بۆتە تەنگژەیەکی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنیشی ئاڵۆز بووە، کە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری پرسی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و کلتووری و کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ ئەوەی چەند جارێک حکومەتەکانی عێراق گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە یان ئامادە نەبوونە بە پێی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان چارەسەری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیموکراسی و ئاشتییانە بۆ تەنگژەکە بدۆزنەوە، ئەمەش وای کرووە عێراق لە بارودۆخێکی ناسکدا بمێنێتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و، شیکردنەوەی هەڵوێستی ئەمەریکا و کاریگەرییەکانی بۆ سەر تەنگژەکە.

گرنگی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە سیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕووندەکاتەوە، هەروەها دۆخی هەستیاری ئەو ناوچانە دەردەخات کە دەبێت بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پرسیاری توێژینەوەکە

پرسیاری توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کە (ئایا چارەسەری تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پەیوەندی بە سیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریکاوە هەیە؟).

گریمانەی توێژینەوەکە

گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کە (چارەسەری تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمەریکاوە هەیە، دواخستنی چارەسەرکردنی تەنگژەکەش کێشەی زیاتر دروست دەکات بە جۆرێک کە لە داهاتوودا گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی ئەستەم بێت).

میتۆدی توێژینەوەکە

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا دوو میتۆد بەکارهاتووە، ئەوانیش:

١. میتۆدی مێژوویی بەڵگەیی، بۆ بەدواداچوون و دەرخستنی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و، سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بەم ناوچانە، میتۆدی مێژوویی بەڵگەیی بەکارهاتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢. میتۆدی وەسفی شیکاری، بە شێوەیەکی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم میتۆدە بەستراوە، لەبەرئەوەی لە توێژینەوەکەدا وا پێویستی کردووە کە پێشهات و دیاردە سیاسییەکان شیبکرێنەوە لەگەڵ شیکردنەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی و دەرئەنجام پێکدێت، بەشی یەکەمی چوارچێوەیەکی تیۆرییە و دابەشکراوەتە سەر دوو باس، لە باسی یەکەم پێناسەی بەڕێوەبردنی تەنگژە کراوە، لە باسی دووەمدا باسی پەیدابوون و سنووری تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕوونکراوەتەوە. بەشی دووەمیش تایبەتە بە باسکردنی سیاسەتی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەویش لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەم هەڵوێستی ئەمەریکا و عێراق لەسەر چارەسەری یاسایی و دەستوری تەنگژەکە ڕوونکراوەتەوە، لە باسی دووەمیشدا هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر ریفراندۆمی هەرێم و کاریگەرییەکانی بۆسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم باسکراوە. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەک گەیشتووە.

١/ چوارچێوەی تیۆری

توێژینەوە لەسەر (سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دوای 2003) پێویستی بە باسکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری هەیە بۆ ئاسانتر تێگەیشتن لە بابەتە جیاوازەکان، لەم بەشەدا هەوڵمانداوە لە دوو باسدا بەشێکی ئەو چەمک و بابەتە بنەڕەتییانەی کە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون ڕوون بکەینەوە، بەم شێوەیە:

١.١: چەمکی بەڕێوەبردنی تەنگژە

لێرەدا تیشک خراوەتە سەر پێناسەی بەڕێوەبردنی تەنگژە، واتا و مەبەستەکانی ڕوونکراوەتەوە و باسی قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژە کراوە، بەم شێوەیە:

١.١.١: پێناسەی بەڕێوەبردنی تەنگژە

سەرەتای سەرهەڵدانی دەستەواژەی بەڕێوەبردنی تەنگژە لە چوارچێوەی زانستی کارگێری گشتیدا بووە، وەک ئاماژەدان بە ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە لەناکاوەکانی وەک بومەلەرزە و لافاو و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، دواتر وەکو زانستێک لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گەشەی سەندووە (گەلاڵی، ٢٠١٩، ل 89). وەک دەستەواژە بەڕێوەبردنی تەنگژە جیاوازە لەگەڵ بەڕێوەبردن بە تەنگژە و پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە بەشێک لە پێناسەکان دەخەینەڕوو:

بەڕێوەبردنی تەنگژە یەکێکە لە زانستە مرۆڤایەتییە تازەکان، زانستێکی گرنگ و بایەخدارە، زانستی بەڕێوەبردنی هاوسەنگی هێزەکان و چاودێریکردنی جوڵە و ئاراستەکانیانە، هەروەها زانستی ئاییندەیە و زانستی گونجاندنە لەگەڵ گۆڕاوەکاندا، وەک زانستێکی سەربەخۆشە ئەگەرچی پەیوەندی بە سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکانی ترەوە هەیە، لەمەش زیاتر هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە بەڕێوەبردنی تەنگژە زانست و هونەرە، زانستە بەو مانایەی میتۆد و بنەما و ڕێسای خۆی هەیە، هونەرە بەو مانایەی کە جێبەجێکردنی پشت بە کۆمەڵێک لێهاتوویی و توانا و داهێنان دەبەستێت (خضور، 1991، ص ١٠).

دکتۆر(حسن بەزاز) پرۆفیسۆر و شارەزای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیوایە کە بەڕێوەبردنی تەنگژە بریتییە لە چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر تەنگژەدا، بە ئامرازە زانستی و کارگێرییەکان، هەروەها چۆنییەتی خۆلادانە لە لایەنە نێگەتیڤەکان و سوود وەرگرتن لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی تەنگژە (البزاز، 2001، ص ٣٣).

لە بەڕێوەبردنی تەنگژە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەوانەی تەنگژەکە بەڕێوەدەبەن وەک تیمێک کاربکەن و بە باشی مەشقیان کرد بێت و بەرنامە و پلانی باش هەبێت و بەزووی جێبەجێبکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکە و کەمکردنەوەی زیانەکانی.

لەبەرامبەردا بەڕێوەبردن بە تەنگژە وەستاوە لەسەر بنەمایی دروستکردنی تەنگژەیەک لەپێناو دەربازبوون لە تەنگژەیەکی تر، دروستکردنەکە دەبێتە ئامرازێک بۆ داپۆشینی کێشەکان (البزاز، 2001، ص ٣٣). لە پێناسەیەکی تردا بەڕێوەبردن بە تەنگژە بریتییە لە دروستکردنی تەنگژەیەک بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکان، دوا ئامانجیش ئەوەیە کە تەنگژەکە هەڵنەچێت و نەبێتە ململانێ (تەحسین، ٢٠١٧، ل ٦٣).

لە بەڕێوەبردن بە تەنگژەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بێت کە ئەو لایەنەی تەنگژەکەی هەڵگیرساندووە ئەگەر بە قازانجیشی بێت مەرج نییە هەموو کات بتوانێت کۆنتڕۆڵی پەرەسەندنی تەنگژەکە بکات، لەبەرئەوەی بەڕێوەبردن بە تەنگژە مەترسیدارە و زۆرجار بە نهێنی کاری بۆ دەکرێت و ئامرازێکە بۆ چەواشەکردن و شاردنەوەی کێشە سەرەکییەکان و هەژموون سەپاندن و کۆنتڕۆڵکردنی دۆخەکەیە و تەنها بەرژەوەندی و ئامانجی لایەنێک دژی لایەنکی تر لەخۆ دەگرێت.

وڵاتانی پیشەساز و پێشکەوتووی خاوەن ئەزموونی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و کلتوری، بەڕێوەبردن بە تەنگژە دەکەن لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیان لە دەرەوە، کەچی وڵاتانی دواکەوتوو ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە بە مەبەستی شاردنەوەی کێشە و تەنگژە سەرەکییەکانیان دەکەن.

٢.١.١: قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژە

تەنگژە بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت، هەندێک لە شارەزایان و توێژەران وەکو سوڕی ژیانی بوونەوەرێک یان ڕووداونی نەخۆشییەک وێنای تەنگژەیان کردووە و پێیانوایە کە سوڕی ژیانی بە سێ قۆناغەدا دەڕوات، بەم شێوەیە (شافیعي، ٢٠٠١، ص ص١٠-١١):

١. قۆناغی پێش ڕوودانی تەنگژە

ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرەتایی دادەنرێت، لێرەدا چەند ئاماژەیەک هەیە نزیکی ڕوودانی تەنگژەکە نیشان دەدەن و هەست بە دەرکەوتنی دەکرێت، لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوە و وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان دەتوانرێت پێشبینی ڕوودانەکە بکرێت، لەم ماوەیەدا دەبێت پلان و ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ دابنرێت بە مەبەستی ڕێگریکردن لە ڕوودانی یان خۆلادان لێی.

٢. قۆناغی ڕوودان و ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژە

لەم قۆناغەدا تەنگژەکە بە ڕاستەقینەی ڕوویداوە، تیمی تایبەت دەبێت بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و بەگوێرەی ئەو پلانەی کە داڕێژراوە کار بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بچووککردنەوەی چوارچێوەکەی و چارەسەرکردنی، دەبێت ڕەهەندەکانی بەوردی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستنیشان بکرێت و هەوڵبدرێت لەماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵ بکرێت و بارودۆخەکە ڕاستبکرێتەوە.

٣. قۆناغی دوای کۆتایهاتنی تەنگژە

ئەمە قۆناغی لەناوچوون و ڕزگاربوونە لە تەنگژە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک ڕێوشوێنی پێویست دادەڕێژرێت بۆ هەڵسەنگاندنی هۆکاری ڕوودانی تەنگژەکە و چۆنیەتی ڕوودانی، هەروەها پێوانەکردنی ئاسەوارە نەرێنییەکان و دیاریکردنی زیانە مرۆیی و مادییەکان، دواتر هەوڵدەدرێت ڕەوشەکە بۆ باری ئاسایی خۆی بچێتەوە و تەنگژەکە دووبارە نەبێتەوە.

لە پۆلێنێکدا، بەڕێوەبردنی تەنگژە بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات، کە بریتیین لە (گەڵاڵی، ٢٠١٩، ل 95):

١. قۆناغی خۆلادان لە تەنگژە.

٢. قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژە.

٣. قۆناغی دانپێدانان بە بوونی تەنگژە.

٤. قۆناغی گەمارۆدانی تەنگژە.

٥. قۆناغی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی تەنگژە.

٦. قۆناغی سوود وەرگرتن لە تەنگژە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی.

٢.١: ناساندنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕیشەیەکی مێژووی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە چارەگی یەکەمی سەدەی ڕابردوو ساڵی ١٩٢٥. گرنگی و دەوڵەمەندی ناوچەکە هۆکار بووە بۆ هاتنی داگیرکەران بەتایبەتی بەریتانیا، کە دەستیان بەسەردا گرت و دواتر بە مەبەستی ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان بە عێراقی عەرەبیان لکاند، لێرەدا هەوڵمانداوە پەیدابوون و سنووری ئەو ناوچانە باس بکەین، لەبەرئەوەی پێمانوایە بە بێ ئەو کارە ئەستەمە ڕەگ

و ڕیشە و کرۆکی ئەو کێشەیە یان ئەو تەنگژەیە دەربخرێت و چارەسەرییەکان دیارییکرێن، بۆیە ئەم باسە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

١.٢.١: پەیدابوونی تەنگژەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق لەسەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا بە بەرنامە و سیاسەتی دژ بە کورد ناوچەیەکی زۆریان لە کوردستانی باشوور داپڕاندووە، کاتێک بەعسییەکان لە ڕێگەی کودەتاوە لە ساڵی ١٩٦٨دا دەسەڵاتیان گرتەوە دەست، ئەو کات کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد، حکومەتی بەعس لەبەر بەهێزییەکەی ناچار بوو دانبنێت بە شۆڕش کورد، بۆیە بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی دەرکرد و دانی نا بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد (سەنگاوی، ٢٠١٦، ل ل ٣٨٦-٣٨٩)، هەردوو لایەنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و حکومەتی بەعس ڕێککەوتن کە ئۆتۆنۆمی کوردستانی باشوور تەواوی ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان کوردن، ئەمەش بەگشتی هەر پێنج پارێزگای ئەمرۆ (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و هەڵەبجە)ی دەگرتەوە، بووە دەستکەوتێکی نەتەوەیی بۆ کورد، چاوەڕی دەکرا بڕگە یاساییەکانی جێبەجێ بکرێت لە سەرووی هەمووشیانەوە یاسای ئۆتۆنۆمی کە ماوەی چوار ساڵ دانرا بوو بۆ جێبەجێکردنی، لەسەر ئەو بنەمایە سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٩٧٣ پرۆژەی ئۆتۆنۆمی پێشکەش بە حکومەتی بەعس کرد بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەری، بەڵام حکومەت ئەم ئۆتۆنۆمییەی پشتگوێخست، جارێکی تر پەیوەندییەکان تێکچوونەوە، دواتر حکومەتی بەعس بە بڕیارێکی تاک لایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤ی بۆ ناوچەی کوردستانی باشوور ڕاگەیاند (الفضل، 2004، ص ص ٢٩٣-٢٩٤).

مەبەستی سەرەکی حکومەتی بەعس هەڵخەڵەتاندنی کورد بوو، لەبەرئەوەی یاساکە کەم و کوڕی زۆری تێدا بوو، بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی باشوور کە بریتی بوون لە (کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، سنجار، شێخان و چەندین ناوچەی تر) بە زیاتر لە ( ٣٩٠٠٠ کم$^2$) مەزندە دەکران جیای کرد بۆوە لە ئۆتۆنۆمی کوردستان، کە بە پێی بەڵگەی مێژووی و جوگرافی و زانیارییەکانی سەرژمێری ١٩٥٧ ناوچەی کوردستانین و زۆربەی دانیشتوانەکەیان کورد بوونە (موراد، 2014، ص ٣٥٥).

لەبەر گرنگی ستراتیژی و دەوڵەمەندییان بە کانزا هەمە جۆرەکانی وەک نەوت، حکومەتەکانی عێراق دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچانەیان بە پێی چەندین بەرنامەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داڕێژراو ڕووبەڕووی پرۆسەکانی بە عەرەبکردن و ڕاگواستن و کۆچ پێکردن و تەنانەت لەناوبردن و ئەنفالکردن و داگیرکردنی موڵک و ماڵ کردۆتەوە، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس زیاتر لە هەموو سەردەمەکانی تر ڕەنگی داوەتەوە، ئەویش تەنها بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەو ناوچانە و زیادکردنی ڕێژەی عەرەب بووە (تالیب و کەریم، ٢٠١٥، ل ١١٠).

سیاسەتی بە عەرەبکردن زەوی و مرۆڤی دەگرتەوە، لەسەر ئاستی زەوی دەستگیرا بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی خاکی کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵی کوردستانی باشوور، هەرچی بە عەرەبکردنی مرۆڤیشە بریتی بوو لە پابەندکردنی سەرجەم کارمەندانی کورد و تورکمان و ئاشووری بە قسەکردن و خوێندن و نووسین بە زمانی عەرەبی و ڕاستکردنەوەی باری نەتەوایەتییان بۆ نەتەوەی عەرەب، بۆ ئەمەش چەندین بڕیار دەرکران کە هاوڵاتیانی ناچار کرد پابەندی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس بن (محمد، 2006، ص ٢٠٩-٢١٠).

لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی مەرسوومی کۆماریی ژمارە (٦٠٨) پێکهاتەی دانیشتوان و ئیداری پارێزگای کەرکوکی دەستکاری کرد و، بڕیاردرا هەر یەک لە قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار لە پارێزگای کەرکوک جیا بکرێنەوە و بخرێنە سەر پارێزگای سلێمانی، لە هەمان بڕیاردا قەزای کفریش لە پارێزگای کەرکوک داببڕێندرا و بە پارێزگای دیالە لکێندرا (میرزا، ٢٠١٣، ل ١٠٣).

هەروەها بە گوێرەی مەرسوومی کۆماری ژمارە (٤١)ی ١٩٧٦ قەزای دوزخورماتووش لە پارێزگای کەرکوک داببڕێندرا و بە پارێزگای نوێی سەلاحەدین لکێندرا کە بە پێی هەمان مەرسووم دامەزرا بوو، پاشانیش ڕژێمی بەعس بە چەند قۆناغیکی تر و لە چەند مەرسووم و بڕیارێکی تردا بە بەرنامەیەکی داڕێژراو چەندین ناوچەی تری لە کوردستانی باشوور دابڕی، یان بە جۆرێکی تر کوردی تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری کرد و لە شوێنیاندا عەرەبی نیشتەجێکردووە، بۆیە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەو ناوچانە لە سەرژمێری ١٩٧٧ و ١٩٨٧ بە بەراورد لەگەڵ سەرژمێری ١٩٥٧ زۆر کەمی کردووە (میرزا، ٢٠١٣، ل ل ١٨١-١٨٢).

دووەم گەورەترین دانوستاندن لە ڕێکەوتی ١١ی ئاداری ١٩٩٠ لەنێوان ڕژێمی بەعس و بەرەی کوردستانی بەڕێوەچوو لەسەر کەرکوک و ئەو ناوچانەی ناکۆییان لەسەرە، بەڵام بەهۆی نەبوونی نییەتێکی ڕاستەقینە لە لای ڕژێمی بەعسەوە بۆ چارەسەرکردنی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشەکان، جارێکی تر گفتوگۆکان بێ ئەنجام بوون، کاتێکیش لەبەر زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعس لە سەرەتای ١٩٩١ ڕاپەڕین لە کوردستانی باشوور دەستی پێکرد، ڕژێم دەستی کرد بە کپ کردنەوەی ڕاپەڕینەکە، ئەمەش وای کرد کۆڕەوێکی ملیۆنی بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران بچێت، کە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند و لە ئەنجامدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ بڕیاری (٦٨٨)ی دەرکرد و ناوچەی ئارامی لە سەرووی هێڵی (٣٦) پانی و، ناوچەی دژە فرینی بۆ فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق دانا، ئەم بڕیارەش پشتی بە پێوەرێکی گونجاو نەبەستبوو، بۆیە چەندین ناوچەی کوردستانی باشوور وەک ( کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، مخمور، شێخان، سنجار و چەند ناوچەیەکی تر) لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغداد مانەوە، خاکی کوردستانی باشوور بەسەر دوو ناوچەدا دابەشبوو، خاکی ژێر دەستی کورد لە کوردستانی باشوور و خاکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق (خۆشناو، ٢٠٠٤، ل ل ١٠٣-١٠٧).

ڕژێمی بەعس لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١ بە مەبەستی دروستکردنی بۆشایی دام دەزگاکانی خۆی لە کوردستانی باشوور کشاندەوە، بۆیە لە ١٩ای ئایاری ١٩٩٢دا یەکەم هەڵبژاردن لە سەرتاسەری ناوچە ڕزگارکراوەکانی پەناگەی ئارام لەژێر چاودێری تیمە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئەنجامدرا (پڕۆتۆکۆلەکان، ١٩٩٢)،دواتر ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان) پێکهات، ئەویش دەنگی بە پێکهێنانی حکومەت دا (حەبیب، ١٩٩٨، ل ل ٥-٩).

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە بەهاری ٢٠٠٣دا هەموو خاکی کوردستانی باشوور لە دەستی ئەو ڕژێمە ڕزگاری بوو، بەڵام بەهۆی بوونی دوو ئیدارەیی و جیاوازی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان نەتوانرا فشاری بەهێز بخرێتە سەر حکومەتی کاتی عێراق بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی داپڕێندراون، بۆیە سنووری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕگەی (أ)ی مادەی (٥٣)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ و، پاشانیش دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ کە جێگیر کرا تەنها ئەو ناوچانەی کە تاکو ڕۆژی هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان بۆ سەر ڕژێمی بەعس لە عێراق (١٩ای ئاداری ٢٠٠٣) لەژێر ئیدارەی دەسەڵاتی کوردی بوون دەگرتەوە (قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية، ٢٠٠٤).

هەر وەک باسمانکرد، کوردستانی باشوور بە زۆرەملێ و بە بێ ویستی خۆی لە ساڵی (١٩٣٥) لکێنراوە بە عێراقەوە، بەڵام کورد بە بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد، ئەمەش ڕووداوێکی سیاسی گرنگ بوو لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و سەرلەنوێ لکاندنەوەی کوردستانی باشوور بەو دەوڵەتەوە، ئەم هەنگاوەش بە هەر سێ ڕەهەندی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بیانۆیەکی زۆر گرنگی لە دەست خەڵکی کوردستان دەرهێنا بۆ جیابوونەوە لە عێراق (یاسین، ٢٠٠٨، ل ١٤٧).

کاتێک کورد بەشداری کارای لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ کرد، چارەسەری پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیان خستە نێو مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤، کە دواتر گواسترایەوە بۆ مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، چارەنووسی ئەم ناوچانە بەسترانەوە بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی و دەستووری (دستور العراقي الدائيم، 2005)، ئەم ناوچانە لە خاکی نیشتیمانی کوردستانی باشوورەوە کران بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان (المناطق المتنازع عليها). کاتێکیش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە سەرەتای هاوینی ٢٠١٤دا بەرەو عێراق هات، توانی موسڵ و چەند ناوچەیەکی گرنگی جێناکۆک داگیر بکات، خاکی کوردستانی باشوور ئەمجارەیان بەسەر سێ بەشدا دابەش بوو ئەوانیش، خاکی کوردستانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە، خاکی کوردستانی ژێر کۆنترۆڵی داعش، خاکی کوردستانی ژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراق.

ئەگەرچی دواتر پێشمەرگە توانی بە هاوکاری هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ناوچەکانی ژێر دەستی داعش ڕزگار بکاتەوە، بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و هاتنی سوپا و حەشدی شەعبی بۆ ناوچەکە، تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە دەستی پێشمەرگە سەندرایەوە و سنووری هەرێمی کوردستان گەڕێندرایەوە بۆ ١٩ی ئاداری ٢٠٠٣، تا ئێستا دۆخەکە وەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە، هیچ کام لە بنەما یاسا و دەستوورییەکانی پەیوەست بەو ناوچانە وەک (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، راپرسی) بە تەواوی جێبەجێنەکراون و ئاسۆی جێبەجێکردنیشیان ڕوون نییە.

### ٢.٣.١: سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەیەکی وورد و دروست ئاسان نییە بتوانرێت سنووری ڕاستەقینەی نێوان هەرێم و ناوەند دەست نیشان بکرێت، ئەویش لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و جوگرافی و مێژوویی و ئاینی و هۆکاری تر (کەریم، ٢٠٠٩، ل ١٥). سەرچاوەکان ڕووبەری هەرێمی کوردستان بە نزیکەی 87.317کم[٢] دیاریدەکەن، کە دەکاتە 19.9% دەوڵەتی عێراق، لەم ژمارەیەدا ڕووبەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە 45.317کم[٢] دانراوە، کە دەکاتە 10.3% خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕژێمی بەعس پێشتر زیاتر لە نیوەی خاکەکەی داپڕاندوە (دەرویش، ٢٠١٨، ل ٥٣).

بە پێی مادەی (٥٨) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤، کە دواتر ئەم یاساییە گواسترایەوە نێو مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەی عێراق، کەرکوك تایبەتمەندی پێدراوە و بە تەنها وەک بەشێک لە ناوچەکە ناوی هێنراوە، ناوچەکانی دیکە ناویان نەهاتووە، بەڵام بە پێی نووسراوەکانی لیژنەی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بریتین لە (محمد ، ٢٠١٥، ل ل ٣١١-٣١٢):

1. پارێزگای کەرکوک بە هەموو قەزا و ناحیەکانی (ناوەندی کەرکوک، دوبز، حەویجە و داقوق).

٢. قەزای خانەقین لە پارێزگای دیالە، کە پێک دێت لە ناحیەکانی (ناوەندی خانەقین، مەیدان، قۆرەتوو، جەلەولا و سەعدیە)، قەزای بەلەدروز، بە ناحیەی مەندەلییەوە، لە هەمان پارێزگا.

٣. قەزای دوزخورماتوو، کە پێک دێت لە ناحیەکانی (ناوەندی دوز، سلێمان بەگ، ئامرلی، قادرکەرەم و نەوجول) کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە پاریزگای کەرکوکەوە خراوەتە سەر سەڵاحەدین.

٤. قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان لە پارێزگای واست.

٥. قەزای مەخمور کە پێک هاتووە لە (ناوەندی مەخمور، ناحیەی گوێر، دیبەگە و کەندیناوە و قەراج).

٦. قەزای شەنگار (ناوەندی شەنگار، شیمال، سنونێ، قەیرەوان).

٧. قەزای تەلەعفەر (ناوەندی تەلەعفەر، زومار، ڕەبیعە، عیازیە).

٨. قەزای تەلکێف، کە پێک دێت لە (ناوەندی تلکێف، ئەلقۆش، وانە، فایدە).

٩. قەزای شێخان، (ناوەندی شێخان، مزوری، مریبا، زیلکان، باعەزرە).

١٠. ناحیەی قەحتانیە، کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە قەزای شەنگارەوە جیاکراوەتەوە و خراوەتە سەر قەزای بەعاج.

١١. ناحیەی حەمدانیە (ناوەندی حەمدانیە و نەمرود و بەرتلە).

چەند یەکەیەکی کارگێری لە ساڵی (١٩٩١)ەوە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان، بەڵام بە پێی نووسراوەکانی لیژنەی مادەی (١٤٠)ەوە، دەکەونە ناوچەی جێناکۆکەکانەوە، ئەوانیش بریتین لە (محمد، ٢٠١٥، ل ل ٣١٣-٣١٤):

١. قەزای کفری لە پارێزگای دیالە، کە پێش ساڵی ١٩٧٦ سەر بە پارێزگای کەرکوک بووە.

٢. قەزای کەلار و چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی کە تا ساڵی ١٩٧٦ سەر بە پارێزگای کەرکووک بوون، داوا کراوە بخرێنەوە سەر پارێزگای کەرکووک پێش ئەنجامدانی راپرسی.

٣. قەزای ئاکرێ کە پێشتر سەر بە پارێزگای نەینەوا (موسڵ) بووە.

هەروەها لە سنووری چەند قەزایەک جۆرە تێکەڵییەک دروست بووە و بەشێک لە ڕووبەری قەزاکە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە و بەشەکەی تری لەژێر دەسەڵاتی ناوەندە، وەک:

ـ قەزای خانەقین، هەردوو ناحیەی (مەیدان و قۆرەتوو) سەر بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمن، لەبەرامبەردا (بەشێکی ناوەندی قەزای خانەقین و ناحیەکانی سەعدیە و جەلەولا) سەر بە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندن.

ـ قەزای کفری، ناوەندی کفری و سەرقەڵا سەر بە هەرێمن و ناحیەکانی (کۆکس، قەرەتەپە، جەبارە) سەر بە ناوەندن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ـ ناحیەی شوان، بەشێک لە گوندەکانی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمن و بەشێکی تریان کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند.

2/ سیاسەتی ئەمەریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

دۆسیەکانی عێراق بەگشتی و کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەتایبەتی، وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین دۆسیە و هاوکێشەکانن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، بەتایبەت لەماوەی هەر سێ سەرۆکایەتی (جۆرج دەبلیۆ بوش) و (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ)، لەبەرئەوەی دۆسیەکان ئاڵۆز و فرە ڕەهەندن، پێویستیان بە چارەسەرکردنی فرە ڕەهەندیش دەبێت، هەر لە ڕەهەندی شوناسی نەتەوەیی و مافی چارەنووسەوە تا ڕەهەندی دەستوری و یاسای و سیاسی و کارگێری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش.

کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق پێگەیەکی گرنگیان هەیە، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی کە بریتین لە:

١. دروستکردنی هەر جۆرە جێگیریەکی ناوخۆی لە عێراق لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کارگێری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنییدا، پێویستی بە چارەسەری هەیە بۆ ململانێی نێوان هەولێر و بەغداد لەسەر کەرکوک و ناوچەکانی تر.

٢. ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی بەریتانیا، بەرژەوەندی ئابووری فراوانیان لە سەرچاوەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و سەرتاسەری عێراقدا هەیە. ئەم بەشە بۆ چەند باسێکی سەرەکی دابەشکراوە، بەم شێوەیە:

1.2: سیاسەتی ئەمەریکا و عێراق بەرامبەر بە چارەسەری یاسایی و دەستوری تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

تەنگژەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کرۆکی کێشە و تەنگژەکانی کوردن لە هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە لە سەردەمی پاشایەتییەوە هەوڵی بەردەوام هەبووە بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد و دەستگرتن بەسەر تەواوی ئەو ناوچانە، دواتریش بەتایبەتی لە نیو سەدەی ڕابردوو تا ئێستا ئەو ناوچانە بوونەتە خاڵی سەرەکی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (هەر وەک پێشتر باسمان کرد)، ئەگەر لە سەردەمی پاشایەتی سیاسەتی لاوازکردنی پێگەی کورد بە شاراوەی کرا بێت، ئەوا لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە نیوان ساڵانی (١٩٦٨-٢٠٠٣) بەتایبەتی و تەنانەت تا ئێستاش ئەو سیاسەتە بە ئاشکرا جێبەجێ دەکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە ئەمەریکاشەوە هەیە ئەوەیە کە ئەو وڵاتە دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لە یەکلایکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە بگێرێت، لەم باسەدا زیاتر ئەم بابەتانە ڕوون دەکەینەوە، بەم شێوەیە:

1.1.2: سیاسەتی حکومەتەکانی عێراق دوای ٢٠٠٣

تەنگژەی کەرکوک و ناوچە کودستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دوای ٢٠٠٣ ڕێوشوێنی یاسایی و دەستوورییان بۆ دیاری کرا بۆ یەکلایکردنەوەیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە، لە چوارچێوەی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ و لە مادەی (٥٨)دا چارەسەرێکی تایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کە ناکۆکییان لەسەرە دۆزرایەوە. هەر لە سەرەتاوە هەردوو حکومەتی کاتی (ئەیاد عەلاوی) و (إبراهیم جعفری)، سەرەڕای چەندین بەڵێنی زارەکی و نوسراویان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردا، نەیانتوانی یان کارێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، بە جێبەجێنەکراوی جێیان هێشت (تاڵەبانی، ٢٠٠٩، ل ٥)، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە کوردیش پۆستی باڵای لەم حکومەتانەدا هەبوو، بۆیە بە ناچاری مادەکە گواسترایەوە نێو دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، بووە مادەی (١٤٠)، ئەم مادەیەش وێرای جەخت کردنەوە لەسەر تەواوکردن و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی مادەی (٥٨) بە هەموو بڕگەکانییەوە، ماوەیەکی بۆ دیاریکرا کە ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ بوو، لەم ماوەیەدا دەبوو بە سێ قۆناغ (قۆناغی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ، قۆناغی سەرژمێری دانیشتوان، قۆناغی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەو ناوچانە) جێبەجێ کرابا، کەچی جێبەجێنەکرا (دستور العراقي الدائيم، 2005).

حکومەتەکانی عێراق دوای ٢٠٠٣ سەرەڕای بوونی مادەی دەستوری بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناوچانە، کەچی هەموویان کەمتەرخەمی زۆریان هەبووە نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە ئەو ئەرکە جێبەجێبکەن کە دەستور بۆی دیاری کرد بوون. لە بەندی ٢٣ ی کارنامەی کابینەی یەکەمی حکومەتی (نوری مالیکی)دا (٢٠٠٦-٢٠١٠)، جەختکرایەوە لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە هەر سێ قۆناغەکەیەوە، بەم شێوەیە: "حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ای دەستور کە پشت ئەستورە بە ماددەی ٥٨ی

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە سێ قۆناغی بۆ جێبەجێکردنی مادەکە دیاریکردووە، کە بریتین لە ئاسایکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی. حکومەت دوای پێکهێنانی هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ ئاسایی کردنەوە لە ٢٩ی ئاداری ٢٠٠٧ دەست پێدەکات و پاشان قۆناغی سەرژمێری لە ٣١ی تەموزی ٢٠٠٧ دەبێت و دواتر دەست بە جێبەجێکردنی دوایین قۆناغ دەکرێت کە ڕاپرسییە لە ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧" (سۆفی، ٢٠١٨، ل ١١٣)، بۆیە چەند ڕێکارێکی پێویست سەبارەت بە پرسی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) پەیوەست بە سنوری و خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی١٤٠ جێبەجێکران. دواتر بەهۆی نزیک بوونەوەی کاتی ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ و تەواو نەبوونی کارەکانی لێژنەکە، لەسەر داوای نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (ستیفان دی میستورا Staffan de Mistura) پرۆسەی جێبەجێکردنی مادەکە بۆ شەش مانگ تا حوزەیرانی ٢٠٠٨ درێژ کرایەوە (عوسمان، ٢٠١٣، ل ٣٠)، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم هەڵوێستی ئەم حکومەتە گۆڕانی بەسەرداهات، تەنانەت لە مانگی ئابی ٢٠٠٨ بەشێکی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ناکاو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە هەردوو ناحیەی قەرەتەپە و جەباری سەر بە قەزای خانەقین، هەر بە هەڕەشەی شەڕکردن و لەژێر فشاری ئەو هێزە ئەمەریکییەی کە یاوەریان بوون، هێزی پێشمەرگەیان ناچار کرد لەو ناوچانە بکشێنەوە کە لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە جێگیر ببوون تێیدا، دوو مانگ دواتریش (نوری مالیکی) هەوڵیدا بەشێکی سوپای عێراقی بنێرێتە سەر پارێزگای کەرکوک.

کابینەی دووەمی حکومەتی (نوری مالیکی) (٢٠١٠_٢٠١٤)، لە ڕێگەی (ڕێکەوتننامەی هەولێر)ی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە دەستپێشخەری (مسعود بارزانی) پێکهات، بەڵام وێڕای هەموو بەڵێنەکان لەم خولەی حکومەتدا هەنگاوێکی ئەوتۆ بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەهاوێشترا، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک (نوری مالیکی) هەڵوێستەکانی گۆڕانی نەرێنی گەورەیان بەسەردا هات، هێزی سەربازی زیاتری ڕەوانەی ناوچەکە کرد، جارێکی تر فشارێکی زۆر خرایەوە سەر هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و دوزخورماتوو، بەمەش بەربەستی گەورە خرایەوە بەردەم چارەسەرییەکان.

کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە ساڵی ٢٠١٤دا بەرەو عێراق هات، موسڵ و چەند ناوچەیەکی تری داگیرکرد، لەبەرئەوەی هێزە عێراقییەکانی سەر بە حکومەتی ناوەند نەیانتوانی بەرگری بکەن و پاشەکشەیان کرد، لەبەرامبەردا هەرزوو هێزەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشمەرگە توانیان جێگەیان بگرنەوە و بەرگری لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکەن، پاشان بە هاوکاری هێزی هاوپەیمانان توانیان ئەو ناوچانەی کە کەوتبوونە ژێر دەستی داعش ئازاد بکەنەوە، بەم هۆیەوە لە ڕووی واقیعییەوە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان گەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە هەر بە ناوچەی ناکۆکی لەسەرەکان مانەوە، دواتریش لەگەڵ لاوزبوونی داعش، حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی (حەیدەر عەبادی) بە بیانۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ بۆ سەربەخۆی هەرێمی کوردستان هێرشی سەربازی کردە سەر کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تر، بەو هۆیەوە زیاتر لە نیوەی خاکی کوردستانی باشوور جارێکی تر ڕووبەڕووی داگیرکاری بوونەوە (لە باسەکانی دواتر ئەمە ڕوونکراوەتەوە).

دوای ئەم قۆناغە، حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی (عادل عبدالمهدي) لە ساڵی ٢٠١٨ پێکهات، ئەمەش ئومێدێکی لە لای کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی دروستکرد بۆ کۆتایهێنان بە کێشە و تەنگژەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، کەچی بەشێکی زۆری کێشەکان وەک خۆیان ماونەتەوە و چارەسەر نەکراون. تا ئێستا دانیشتوانی شاری کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە بارودۆخێکی نا ئاسایی ژیان دان، ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی میلیشیای چەکداریدا ماونەتەوە و زۆربەی پۆستە باڵاکانیش لەو ناوچانە لە کورد سەنراونەتەوە و دواڕۆژی ناوچەکەش بە نادیاری ماوەتەوە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس میکانیزمی یاسایی و دەستوری چارەسەر بۆ یەکلایکردنەوەی چارەنوسی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دۆزرایەوە، کە لایەنە ناکۆکەکان دەیانتوانی سوودی گەورەی لێوەربگرن، بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی حکومەتەکانی عێراق و نەبوونی هیچ نیازێک بۆ چارەسەری ئەم مادە یاسایی و دەستورییانە بەشێکی زۆر کەمیان لێ جێبەجێکراوە و چارەنووسی ئەم ناوچانە بە نادیاری ماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مادە و بڕگە دەستوریانە هەر گرنگ و بایەخدارن، لەبەرئەوەی تیایاندا دانراوە بەوەی کە ئەو ناوچانە دووچاری سیاسەتی ڕەگەزپەرستی هاتوون، جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە لەلایەن حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق بەتایبەتی حکومەتەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس، بە مەبەستی سیاسی جوگرافیای ئەو ناوچانە شێوێنراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەیارانی ناوەوە و دەرەوەی گەلی کورد لە عێراق و ناوچەکە خەریکی پیلان گێرانن بۆئەوەی مادەی (١٤٠)ی دەستور بسڕنەوە یان لە بەرژەوەندی خۆیان هەمواری بکەنەوە، لەبەرامبەردا گەلی کورد بە مافی خۆی دەزانێت دەست لەو مادەیە هەڵنەگرێت، کورد دەتوانێت بە پێی دەستور مافی ڤیتۆ بەکاربهێنێت بۆ هەر هەنگاوێک دژی ئەو مادەیە، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندی بە زیاتر لە نیوەی خاکی نیشتمانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

چارەسەرکردنی تەنگژەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم فاکتەرێکی گرنگی جێگیری و ئارامی سیاسی دەبێت لە عێراق بۆ ئێستا و ئایندە، بۆیە دەکرێت چارەسەری یاسایی و دەستوری ببێتە پێگەی گرنگی پێدانی ئەمەریکا، بە جۆرێک وەک پێویستییەکی گرنگ لێی بڕوانێت، لە باسی دواتر ئەمە زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

٢.١.2: هەڵوێست و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

ئەمەریکا پێگەیەکی بەهێزی لە عێراقدا هەیە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر چارەسەری یاسایی و دەستوری تەنگژەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە زیاتر جەخت لەسەر ئەو چارەسەرییە دەکاتەوە، لەم بارەیەوە باڵیۆزی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق (جۆن دی نیگرۆپۆنتیJohn D. Negroponte) لە ١٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ لە نامەیەکیدا بۆ سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق (جەلال تاڵەبانی) جەختی لەسەر پشتگیری ئەمەریکا کردەوە لەسەر جێبەجێکردنی تەواوەتی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بەتایبەتی هەموو بڕگەکانی ماددەی (٥٨)، ئامادەی هەموو هاوکارییەکی ئەمەریکاشی ڕاگەیاند بۆ جێبەجێکردنی یاساکە (خالد، ٢٠١٢، ص ٤١٣).

دوای پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی٢٠٠٥، ئەمەریکا پارێزگاری لە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی کردەوە لە مەسەلەی جێبەجێکردنی تەواوی دەستور بەتایبەتی مادەی (١٤٠)، هەڵوستی ئەوە بوو کە دەستوری عێراق بە تەواوی جێبەجێبکرێت و داهاتووی کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەلایەن عێراقییەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ٢٠٠٧دا (ڕوس ولسن Ross Wilson) باڵیۆزی ئەمەریکا لە تورکیا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە و ڕایگەیاند کە پێویستە داهاتووی کەرکوک لەلایەن عێراقییەکانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، دوای هەفتەیەکیش (نیکۆلاس بیرنزNicholas Burns) یاریدەدەری وەزیری

دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا سەردانی ئەنقەرەی کرد بۆئەوەی پەیامێکی هاوشێوە بگەیەنێت، ئەم هەڵوێستانە تەنانەت دوای ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی (گروپی لێکۆلینەوەی عێراق Iraq Study Group) یش بوو، کە لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە (أندرسن, ليام; ستانسفلد, غارث;, 2009، ص ص ٢٧٣-٢٧٤).

گروپی لێکۆلینەوەی لە بارودۆخی عێراق یان ڕاپۆرتی (بێکەر ــ هاملتۆن)، دوای لێکدانەوەی بارودۆخی عێراق لەسەر زۆر ئاستدا، ڕاسپاردەکانیان بە سەرۆک و حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە لە (٧٩) ڕاسپاردە پێکهاتبوو، ئەویش بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی پڕۆسەی ئاسایشی عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاپۆرتەکە لە خاڵی (٣٠)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە'' لەبەر ڕۆشنایی باری ترسناکی کەرکوک، زۆر پێویستی هەیە بە ناوبژیوانی نێودەڵەتی بۆ خۆپاراستن لە توندوتیژی چاوەڕوان کراو، کەرکوک دەتوانێت ببێتە بەرمیلێک باروت، ئەنجامدانی ڕاپرسی دەربارەی چارەنووسی کەرکوک بەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا، وەک لە دەستوری عێراقدا داوای کراوە، دەبێتە هۆی تەقینەوەی بارودۆخەکە، بۆیە پێویستە دوابخرێت، ئەم مەسەلەیە دەبێت بخرێتە سەر ئەجێندای گروپی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری عێراق لە چوارچێوەی کارە دیبلۆماسییەکاندا''(Baker & Hamilton, 2006, p. 65) .

لە تەموزی ٢٠٠٧ (زەڵمای خەلیل زاد) باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق، لە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز وتارێکی بڵاو کردەوە و تیایدا داوای دەستێوەردانی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد لە چارەنووسی پرسی کەرکوکدا، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر ئەو پرسە (أندرسن, ليام; ستانسفلد, غارث;, 2009، ص ص ٢٧٥-٢٧٦).

لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٩دا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (ستیفان دی میستورا) ڕاپۆرتێکی لە ماوەی ساڵێکدا لەژێر ناونیشانی''ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی UNAMI) تایبەت بە سنوورە ناوخۆییە کێشەلەسەرەکان'' ئامادە کرد، دواتر خرایە بەردەم نەتەوەیەکگرووەکان و سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە بەشێک بوو لەو ئەرکەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی هەردوو بڕیاری ژمارە (١٧٧٠) و (١٨٣٠) بەم نێردەیەی سپارد بوو (قادر، ٢٠١٩، ل ٣٠٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ ئەوەی بە مەبەستی پاڵپشتی و هاوکاریکردنی لایەنە عێراقییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنورە ناوخۆییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند پێشکەش کرا بوو، لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە زۆر گرنگی پێنەدراوە. کۆشکی سپی ئەمەریکا لە 7ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩ بەیاننامەیەکی دەرکرد و جەختی لەسەر پابەندبوون و پێویستی جێبەجێکردنی تەواوەتی دەستوری هەمیشەیی عێراق بەتایبەتی مادەی (١٤٠) کردەوە، ڕایگەیاند کە ئەمەریکا پابەندە بە هاوکارکردنی چارەسەری کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان (خالد، ٢٠١٣، ص ٤٥٤).

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردیش بووە جێگای ڕەخنە و نیگەرانی گەورە، لەبەرئەوەی هەموو ئەو کارەسات و ماڵوێرانییەی کە ڕژێمی بەعس بەسەر کوردی هێنا بوو پشتگوێیخستبوو. نەتەوەیەکگرتووەکان هیچ کات نەیویستووە ئەو ناوچانە بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، نەیتوانیوە ڕۆڵکی ئەرێنی لە چارەسەری سنووری ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان هەرێم و ناوەند ببینێت، تەنها کاتێک دەتوانێت بڕیار بدات کە پێشتر ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێککەوتبن و بڕیاری تایبەتیان دابێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە.

هەموو ڕاپۆرتەکان کە دەربارەی بارودۆخی عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئامادەکرابوون، بەشێکی هەنگاو پێشنیار و کارەکانیان دژی مادەی (١٤٠) بوون، ڕێکارە یاسایی و دەستورییەکانیان تێپەڕاند بوو، باسی ماف و داخوازییەکانی کوردیان نەکرد بوو، نەیاندەتوانی هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لەو ناوچانەدا دروست بکەن، بەڵکو تەنها کێشەکانیان ئاڵۆزتر دەکرد و کوردیش تیایاندا دەبووە زەرەرمەندی یەکەم.

تەنگژەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێویست بوو بە پێی دەستور و لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر کرابا بەر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بە پێی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوانیان لە ساڵی ٢٠١١، چارەسەرییەکەش بە ناوبژیوانی ئەمەریکا بوایە. لەبەرئەوەی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمەریکاش بەرپرسە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور، وەک چۆن (پۆل بریمەر Paul Bremer) حاکمی مەدەنی عێراق دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بڕیاری تایبەتی دەرکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی سوپا و ئاسایش و پۆلیس و ڕیشەکیشکردنی بەعس، بە هەمان شێوە دەیتوانی هەموو ئەو بڕیارانەی ڕژێم هەڵبوەشێنێتەوە کە سیمای

دیموگرافی ناوچە کوردستانییەکانی گۆڕی بوو، بەڵام ئەمەریکا ئامادە نییە هەنگاوی پێویستی وا بنێت لەبەر بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا.

توێژەر و پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان لە زانکۆی (ئیکستێری) بەریتانیا (ماریانا شرونتاکی) نووسەری کتێبی (کوردەکان و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا: پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ساڵی ٢٠١٠، پێیوایە کە ئەمەریکا هەڵوێستێکی ناڕوونی هەیە لەسەر کێشەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، نایەوێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بابەتەکە ڕووبەڕوو ببێتەوە و خۆی بخاتە نێو هەوڵەکانی کوردەوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆسەر هەرێمی کوردستان، سیاسەتی ئەمەریکا ئەوەیە کە ڕێگا چارەیەکی سیاسی درێژخایەن بدۆزرێتەوە و ژێرخانی ئەو ناوچانە پێش بکەوێت و خەڵکی ئاوارە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان (ڕەحمانی، ٢٠١١، ل ١٣٠).

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەردەکەوێت، کە ئەمەریکا دژی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور نەبووە، بەڵام هەوڵیشی نەداوە بۆ پشتیوانیکردنێکی چالاکانە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی مادەکەدا، بۆیە گرفتی کورد تەنها لەگەڵ هێزە نەیارەکانی ئەو مادەیە نەبووە، بەڵکو گرفتیشی لە نەبوونی پشتیوانییەکی چالاکانە بوو لە هەر شوێن و وڵاتێکی دیکەوە بەتایبەتی ئەمەریکا، کە دەتوانێت ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە تەواوی کێشە و تەنگژەکاندا بگێرێت.

سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ هێنانەدی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت هەوڵ بدات لەسەر ئاستی دەرەوەدا دیبلۆماسیەتێکی بەهێز پەیرەو بکات و زیاتر هەوڵی سیاسی و دیبلۆماسی بدات و خۆی لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا نزیک بکاتەوە و لۆبییەکی بەهێز لەو وڵاتە دروست بکات، بۆئەوەی ئەمەریکا پشتگیری ئەو ڕێگە چارە دیموکراسییەی کە لەدەستوردا بۆ ئەو ناوچانە هاتووە بکات.

٢.2: هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر ریفراندۆمی هەرێم و کاریگەرییەکانی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم

سەرکردایەتی سیاسی کورد هەر لە سەرەتای بڕیاردانی ڕیفراندۆم لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧دا هەوڵیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دڵنیا بکاتەوە کە ئەو هەنگاوەی ئەوان زیان بە شەڕی دژی داعش ناگەیەنێت، هیچ نیازێکی دوژمنکارانە لە پشت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە نییە، لەبەرامبەردا ئەمەریکا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەوان ڕێز لە خەونی ڕەوای گەلی کورد دەگرن و تێدەگەن لە داواکانیان، بەڵام هەنگاوی لەو جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەرکیز لەسەر شەڕی داعش کەم ببێتەوە و زیان بە شەڕەکە بگەیەنێت، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئەو پشتگیریانەی ئەمەریکا کەم ببنەوە کە دەیەوێت لە دانوستاندنی بەغداد و هەولێری بکات، هەروەها ڕایانگەیاند کە پشتگیری یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن و دوای کۆتایهاتنی شەڕی داعش بەرپرسانی هەرێم و ناوەند دەتوانن لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەن، کورد ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکای بە هۆکار و هاندەری سەرەکی بەرزکردنەوەی گوتاری دوژمنکارانەی ناوەند بەرامبەر هەرێم دەزانی (Katrina, 2017).

بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بەشداری هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی (ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا، چین) لە کۆبوونەوەی ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٧ بە تێکرای دەنگ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ڕەتکردەوە (France24, 2017).

کاربەدەستانی ئەمەریکا پێشتریش بەشێکیان بە مەبەستی ڕازی کردنی سەرکرایەتی سیاسی کورد بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم چەند جارێک سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد بوو، ئەمەریکا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لەبەرامبەر ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆمدا ئامادەیە هاوکاری و کارئاسانی بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنی بێ مەرجی نێوان هەولێر و بەغداد بکات، لەم چوارچێوەیەدا (ڕێکس تیلەرسون Rex Tillerson) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا دوو ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ٢٣ی ئەیلولی ٢٠١٧ نامەیەکی ڕەشنووسی بۆ (مەسعود بارزانی) نارد کە تیایدا چەندین خاڵی گرنگی دەستنیشان کرد بوو لەبەرامبەر ئەنجامنەدانی ریفراندۆم(Lake, 2017) .

ئەمەریکا نزیک بوو لەوەی کە بە پێشکەش کردنی بەدیلێک کورد ڕازی بکات ڕیفراندۆم نەکەن، لەبەرئەوەی نامەکەی (ڕێکس تیلەرسون) بە ناوی ئەمەریکا و خەڵکی ئەمەریکا و سەرۆک (دۆناڵد ترەمپ) و ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەو وڵاتەوە، بەشێوەیەک نوسرا بوو کە ڕێزێکی زۆری بۆ کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی تێدا بوو، بە گرنگەوە ئاماژەی بە بوونی پەیوەندی مێژووی نێوان ئەمەریکا و کورد دابوو و جەختیشی لەسەر بەردەوامی پەیوەندییەکان کرد بۆوە، لەلایەکی تر بە گرنگەوە ئاماژەی دابوو بە ڕۆڵی قارەمانانەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرامبەر داعش، لە نامەکەدا هاتبوو کە ئەمەریکا ڕێز لە قوربانیەکان دەگرێت و لە بیریان ناکات، تێدەگات لەوەی کە کورد هەر لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١وە تا ئێستا چۆن دژایەتییان کراوە، لە نامەکەدا نیگەرانییەکانی ئەمەریکا بە ڕوونی دیار بوون سەبارەت بە بەردەوامی شەڕی داعش و ئۆپراسیۆنی ئازادکردنەوەی حەویجە لە دەستی داعش، ئەمەریکا پێوابوو کە ژینگەی هەرێمایەتی جێی دڵنیایی نییە و ئەوان لەگەڵ گەڕانەوەی سەقامگیرین بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی عێراق لە دەستی داعش (Lake, 2017).

لە نامەکەدا جەخت لەسەر گفتوگۆ کردن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی (حەیدەر عەبادی) کرابۆوە، تیایدا هاتبوو کە ئەگەر کورد بەم بەدیلە ڕازی بێت ئەمەریکا و هاوبەشە گرنگەکانی وەک فەرەنسا و بەریتانیا لەلایەک و نەتەوەیەکگرتووەکان لەلایەکی تر، ئامادەن هاوکار بن لە سەرخستنی دانوستاندنەکان و ڕێککەوتن لەسەر کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بە جۆرێک کە لەماوەی ساڵێکدا ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێن و دەکرێت ئەو ماوەیە نوێش بکرێتەوە، قبوڵکردنی ئەم بەدیلە وا لە ئەمەریکا دەکات ئامادە بێت پێویستییە دارایی و ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، ئەگەریش لایەنی کوردی ڕازی نەبێت بە دانوستاندنەکان ئەوا ئەمەریکا پێیوایە کە ڕیفراندۆم دەرئەنجامی مەترسیداری دەبێت، هۆکارێک دەبێت بۆ دەرکەوتنی پاشەکشە لە ئامانجەکانی کورد، ڕەنگە دواتر حکومەتی عێراق گفتوگۆش نەکات.

هەروەها (ڕێکس تیلەرسون) پێیوابوو کە ئەو دەرفەتە بەلای ئەمەریکاوە بۆ کورد دەگمەن و پڕ بایەخە، چونکە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی زیاتر بەسەر داعش و هۆکارێک دەبێت بۆ کۆتایهاتنی کێشە و تەنگژەکانی نێوان هەرێم و ناوەند وەک جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور و چارەسەرکردنی پرسی پێشمەرگە و فڕۆکەوانی مەدەنی و نوێنەرایەتی دیبلۆماسی لە دەرەوە.

هەر لە نامەکەدا هاتبوو کە ئەمەریکا پابەندی بەڵێنەکانی دەبێت لە حاڵەتی ڕازی بوون بە ئەنجامدانی دانوستاندنەکان، کاتێکیش دانوستاندن و ڕێککەوتنەکان شکست بێنن و ئەنجامیان نەبێت لەبەر کەمتەرخەمییەکانی بەغداد، ئەوکات ئەمەریکا دان بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا دەنێت.

سەرکردایەتی سیاسی کورد پێیوابوو کە بە دیلێکی وا نییە باشتر بێت لە ڕیفراندۆم، بۆیە لە کاتی دیاریکراوی خۆی لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧دا ڕیفراندۆم لە هەرێمی کورستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە کورد کۆنترۆڵی کردبوونەوە ئەنجامدرا، ڕێژەی بەشداربووان زیاتر لە ٧٢% بوو، کە بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٢% بە بەڵێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگیان بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆی هەرێمی کوردستاندا، تەنها ڕێژەی ٧% بە نەخێر دەنگیاندا(O'Driscoll & Baser, 2019) .

ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕۆژانی دواتر چەندین کاردانەوەی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بە دوادا هات، هەرزوو هەریەک لە عێراق و وڵاتانی تورکیا و ئێران کە ڕێککەوتنی پێشوەختیان هەبوو هاوکاری یەکتریان کرد و چەندین ڕێوشوێنی توندیان لە دژی حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان گرتەبەر، کە سەرجەمیان بە زیانی کورد تەواو بوون، سوپای عێراق و تورکیا لە ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێم دەستیان کرد بە ئەنجامدانی مانۆری سەربازی هاوبەش لەسەر سنووری نێوانیان. یەک ڕۆژ دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم (حەیدەر عەبادی) ڕاگەیاند کە نایاساییە و بەلێنیدا بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لەبەرامبەر هەموو ئەوانەی ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی هەبووە و دەیانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی یاساییەوە، لە ڕۆژی دواتر لە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٧دا داوای کرد دەسەڵاتدارانی کورد ئەنجامی ریفراندۆم هەڵبوەشێنەوە (Changfeng & Temitayo, 2018) ، دواتر بەم هەڕەشانە نەوەستا و بڕیاری ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ هەردوو فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی دا، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت سەرجەم دەروازە سنوورییە ئاسمانی و وشکانییەکانی هەرێمی کوردستان بخرێنە ژێر کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتی بەغداد، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمانی عێراق)یش بە سەرۆکایەتی (سەلیم جبوری) بە هەمان شێوە ڕیفراندۆمی بە نایاسایی دانا و ڕەزامەند بوو لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان (عەلی، ٢٠١٨، ل ل ٦٩-٧٠). لەم سۆنگەیەوە لە ١٦ای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق بە هاوکاری ڕاستەوخۆی سوپای پاسدارانی ئێران هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، شاری کەرکوکیان گرت و لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیان خستەوە ژێر ڕکێفی خۆیان کە پێشتر بە دەست هێزەکانی پێشمەرگەوە بوون، ڕووداوەکانی ١٦ای ئۆکتۆبەر هەڕەشەی گەورە بوون لەسەر کیانی کوردی و بوونە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاری زۆر گەورە بە زیانی کورد (حەمە، ٢٠١٨).

لە ئاکامی بێدەنگ بوونی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لەسەر پێشێل کردنی بنەماکانی دیموکراسی و پابەندنەبوون بە دەستوورەوە، ڕەوتی ئاڕاستەی حکومڕانی لە عێراقدا بۆ مەزهەبگەرایی و شەڕی نێوان شیعە و سوونە و هەڕەشە کردن لە هەرێمی کوردستان چوو. ئەو ڕۆژەی کە هێزە عێراقییەکان هێرشیانکردە سەر کەرکوک، (دۆناڵد ترەمپ) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە بێلایەنی

هەڵدەبژێرن لە ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد و لایەنگیر نابن لە پێکدادانەکانی نێوانیان(Dailysabah, 2017) .

ئەمەریکا لە سەرەتاوە بۆ ماوەیەک لەبەرامبەر پێشێلکارییە ئاشکراکانی حکومەتی عێراق بێدەنگ بوو، بەڵام دواتر ڕێگەی گرت لە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ بەکارهێنانی فرۆکە دژی هێزەکانی پێشمەرگە، جەختی کردەوە لەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆی نێوان هەرێم و ناوەند بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر کێشە و تەنگژە جیاوازەکان، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی دەستوور، ڕایگەیاند ئەو ناوچانە هەر بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دەمێنەوە (ڕۆژهەڵات، ٢٠١٨، ص ١٥٧).

لە کۆتاییدا، لە دەستدانی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ڕووی سەربازییەوە و کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە، بە واتای لە دەستدانی کۆتایی ئەو ناوچانە نایەت، ڕژێمی بەعس بە سیاسەتی بە عەرەبکردن و ڕاگواستن نەیتوانی بە تەواوەتی ناسنامەیان بگۆڕێت، لەمەش زیاتر سیاسەتی دیفاکتۆ (الأمر الواقع) وەک چۆن بۆ هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەدا نەچووە سەر، بە هەمان شێوە بۆ حکومەتی عێراقیش ناچێتە سەر، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەیەوێت هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانە.

هەرێمی کوردستان دەبێت هەموو کاریگەرییە خراپەکانی دوای ڕیفراندۆم بە هاوکاری لایەنی دەرەکی بەتایبەتی ئەمەریکا چارەسەر بکات، لەبەرئەوەی هەر کاتێک کێشە و تەنگژەکان بە تەواوی چارەسەر نەکرێن ئەوا مەترسی دووبارە سەرهەڵدانەوەیان زیاتر دەبێت.

دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک، ئەوانیش:

1. بەڵگەنامەکان و هۆکارە مێژووی و جوگرافی و پەیوەندییە دیمۆگرفییەکان، کوردستانی بوونی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی نێوان هەرێم و ناوەند دەسەلمێنن.

٢. حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای ٢٠٠٣ کۆسپ و تەگەرەی زۆریان خستۆتە بەردەم جێبەجێکردنی چارەسەرە یاسایی و دەستورییەکانی ناوچە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دادگای باڵای عێراقیش هەڵوێستێکی ئەوتۆی سەبارەت بەم کەمتەرخەمیانە نەبووە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بووە و بە پاساوی بێ متمانەی هیچ سکاڵایەکی لەسەر پێشێلکردنی دەستور ئاڕاستەی ئەم دادگایە نەکردووە.

٣. لەناوچوونی ڕژێمی بەعس نەیتوانی باری کوردی دانیشتوانی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سووک بکات، داگیرکردنی ئەو ناوچانە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا بووە هۆی دەرکەوتنەوەی کارەسات و مەینەتی نوێ بۆ کورد.

٤. ئەمەریکا ئامادەیە لە عێراق پشتگیری تەواوی حکومەتێک بکات کە خۆی بە دوور بگرێت لە جێبەجێکردنی ئەجێندای وڵاتی ئێران و سنورێک بۆ هەژموونی ئەو وڵاتە دابنێت.

٥. ئەمەریکا دەزانێت کورد لەگەڵ شیعە و سوننەی عێراق، ناتوانێت وڵاتێک بەڕێوە ببات، کە بە کەمینە بزانرێ و فیدراڵی پێ ڕەوا نەبینرێت، هەر هەنگاوێکی ئاسایی و یاسایی لەلایەن کوردەوە بۆ جیابوونەوە وەک تاوان دابندرێت، ئەوە ڕاستییەکە و ئەمەریکا لەبەر بەرژەوەندییەکانی نایەوێت چارەسەری کۆتایی بۆ تەنگژە و کێشەکانی کورد لەو وڵاتە دابێت.

پێشنیار

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، چەند پێشنیاریەک دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

١. ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ببێتە قوڵایی ستراتیژی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هەوڵبدرێت یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە ئەولەویەتی لە پەیوەندی نێوان هەرێم و ناوەند پی بدرێت و، بکرێتە چەقی هەر هەڵوێستێک لەگەڵ ناوەند.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە بە هێزی ئابووری و سیاسی و لەشکری و کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی بدات، بەتایبەتی گەشەپێدان بە هێزی پێشمەرگە لە ڕووی

چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، بۆئەوەی پیلانی دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد تێکبشکێنن.

3. هەوڵبدرێت پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە دەستوری هەمیشەیی عێراق ڕابگیرێن، دەستور ببێتە بناغەیەکی پتەوی سیستەمی فیدراڵی و وەک خۆی جێبەجێبکرێت.

4. سەرکردایەتی سیاسی کورد سیاسەتی ئەمەریکا لەبەرچاو بگرێت و حسابی بۆ بکات و بە گرنگیەوە بڕوانێتە بەرژەوەنییەکانی، خۆی وەک هاوپەیمانی نیشانبدات و لەگەڵی هەنگاو بنێت.

5. پەلە بکرێت بۆ ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەنێوان هەرێم و ناوەند بە هاوکاری و پاڵپشتی ئەمەریکا بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ شاری کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بۆ ئەوەی لە ڕووی ئاسایشەوە ئەو ناوچانە بە هاوبەشی بەڕێوە ببرێت، تا چارەنووسیان یەکلا دەبێتەوە، ئەمەش ئەو باوەڕە بۆ هەردوو دروست دەکات بۆ ڕێگەگرتن لە دەستکاریکردنی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

پڕۆتۆکۆلەکان. (١٩٩٣). بەرگی یەکەم.هەولێر: ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق.

تالیب، د. جەزا تۆفیق و کەریم، ئەحمەد ڕەفیق. (٢٠١٥). شیکردنەوەی ڕاستییەکانی جوگرافیای مێژوویی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٥دا. ڕاپەرین: گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە (٤).

تاڵەبانی، د. نوری. (٢٠٠٩). کەرکوک بەرەو دواڕۆژێکی نادیار. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

تەحسین، ئەرشەد. (٢٠١٧). قەیران و پەیوەندییە گشتییەکان. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

حەمە، هاوڕێ حەسەن. (٢٠١٨). شانزەی ئۆکتۆبەر خیانەت یان بڕیارێکی عەقڵانی. گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٥).

حەبیب، بەدران ئەحمەد. (١٩٩٨). هەڵبژاردنەکانی کوردستان (١٩ی ئایاری ١٩٩٢): بەڵگە وەدەستهاوێژ . هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

خۆشناو، د. جاسم تۆفیق. (٢٠٠٤). دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.

دەروێش، سەرکەوت عبداللە. (٢٠١٨). شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق. هەولێر: نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا.

رەحمانی، وریا. (٢٠١١). سیاسەتی ئەمەریکا لە کوردستان لە ڕوانگەی پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆشەنبیری.

سۆفی، د. ڕێبین محمد. (ژمارە (١)ی ساڵی بیست و شەشەم, ٢٠١٨). ڕێوشوێنە کردەییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوری ناوخۆیی لە عێراقدا. گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی، ١١٢.

سەنگاوی، نجم. (٢٠١٦). باشوری کوردستان: ڕووداو و دەستکەوتەکان لە ١٩٠٠ تا ٢٠١٦. سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

عەلی، بەرهەم. (٢٠١٨). ریفراندۆم: تاپۆنامەی دەوڵەتی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی کوردستان.

عوسمان، د. ئازاد. (٢٠١٣). مادەی ١٤٠ای دەستووری هەمیشەیی عێراق: ناوەڕۆکی، بنەڕەتی، تەگەرەکانی و ئاسۆی ئایندەیی. هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

قادر، د. جەبار. (٢٠١٩). کەرکوک: نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٤٠٠).

کەریم، ئەحمەد ڕەفیق. (٢٠٠٩). ناوچە داپڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسیدا. سلێمانی: نامەی ماستەر. زانکۆی سلێمانی. کۆلێژی ئەدەبیات. بەشی جوگرافیا.

گەلالی، د. ئەیوب سابیر. (٢٠١٩). بەڕێوەبردنی قەیرانەکان چەمک و ستراتیژ. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

محمد، د. دەرباز. (٢٠١٥). خاکی نیشتیمان لە چارەسەری دەستوورییەوە بۆ ململانێی سەربازی. لە: محمد، د. یوسف. کەریم، د.ئاکۆ حمە. محمد، د.دەرباز. عەلی، د.محمد. عەزیز، د.سەردار و محمد، هەڵمەت. کوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی. سلێمانی: ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی پیرەمێرد.

میرزا، حمە علی توفیق. (٢٠١٣). پرسی جینۆساید و ڕەوشی ناوچە دابڕێنراوەکان. هەولێر: چاپخانەی منارە.

یاسین، د. بورهان أ.. (٢٠٠٨). عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

المصادر باللغة العربية:

أندرسن, ليام; ستانسفلد, غارث;. (2009). أزمة كركوك: السياسة الاثنية في النزاع و الحلول التوافقية. (المترجم: النعيمي، عبدالاله) بغداد: معهد دراسات عراقية.

البزاز، د. حسن. (2001). إدارة الأزمة بين نقطتي الغليان و التحول. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.

خالد، روژهات ويسي. (٢٠١٣). مشكلة الناطق المتنازع عليها في العراق: أقليم كوردستان نموذجا. دهوك: مركز الأبحاث العلمية و الدراسات الكوردية. فاكولتى العلوم الإنسانية.سكول الأداب. مطبعة جامعة دهوك.

خضور، د. أديب. (1991). الإعلام والأزمات. الرياض: أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية.

دستور العراقي الدائيم. (2005).

ڕۆژهەڵات، زريان. (٢٠١٨). التغير الدولة و الصراع في كركوك. في: هوية كركوك. أربيل: مركز رووداو للدراسات. مطبعة ڕۆژهەڵات.

شافيعي، محمد محمد. (٢٠٠١). إستراتيجية إدارة الأزمات و الكوارث. القاهرة: مركز المحروسة للبحوث والنشر.

الفضل، د. منذر. (2004). دراسات حول القضية الكردية و مستقبل العراق. أربيل: مطبعة وزارة التربية.

قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية. (٢٠٠٤).

محمد، د. خليل إسماعيل. (2006). القضية الكردية في العراق، مشكلة حدود أم وجود؟ أربيل.

موراد، مخليص سليم. (2014). الوضع القانوني و السياسي الإقليم كوردستان للفترة مابين (1970-2003). أربيل: مطبعة جامعة صلاح الدين.

English References:

Baker, J. A., & Hamilton, L. H. (2006). The Iraq Study Group report: The Way Forward – A New Approach, December , pp 65-66. (First ed.). New York: vintage books, A Division of Random House, Inc.

Changfeng, Z., & Temitayo, O. (2018, Jun 13). 2017 Iraqi Kurdistan's Referendum for Independence: Causes and Impacts. sciencepublishinggroup. Retrieved from http://www.sciencepublishinggroup.com/journal/paperinfo?journalid=208&doi=10.11648/j.hss.20180602.13

Dailysabah. (2017, 10 17). US 'not taking sides' in dispute between Iraq, KRG in Kirkuk. Retrieved from https://www.dailysabah.com/mideast/2017/10/16/us-not-taking-sides-in-dispute-between-iraq-krg-in-kirkuk

France24. (2017, 9 22). UN Security Council opposes Kurdish independence vote. Retrieved from https://www.france24.com/en/20170922-united-nations-security-council-says-opposes-kurdistan-iraq-independence-vote

Katrina, M. (2017, SEPTEMBER). US warns Kurdistan over independence referendum. Retrieved from https://www.ft.com/content/69b5b776-9e58-11e7-8cd4-932067fbf946

Lake, E. (2017, October 13). Tillerson Letters Show U.S. Nearly Averted Kurdish Referendum. Retrieved from https://www.bloomberg.com/opinion/articles/2017-10-13/tillerson-letters-show-u-s-nearly-averted-kurdish-referendum

O'Driscoll, D., & Baser, B. (2019, May 28 ). Independence referendums and nationalist rhetoric: the Kurdistan Region of Iraq. Third World Quarterly. Retrieved from https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/01436597.2019.1617631

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سياسة الولايات المتحدة الأمريكية لإدارة الأزمة المناطق الكردستانية خارج إدارة الأقليم بعد 2003

الملخص:

المناطق الكردستانية خارج إدارة الأقليم بحسب أغلب الوثائق التأريخية و القانونية هو جزء من أرض إقليم كردستان، بحسب ألاجراءات القانونية و الدستورية كانت لابد تحل هذه المشاكل قبل عام 2007، ولكن الى حد ألآن المشاكل عالقة بين الأقليم و العراق.

من خلال هذا البحث سعى الباحث جاهدا ان يطرح المشاكل و المعوقات فى كركوك و المناطق الكردستانية من خلال البابين النظرية و العملية, تطرقت الدراسة الى موقف و سياسة الولايات المتحدة الأمريكية و الحكومات العراقية المتعاقبة بعد 2003 فى معالجة الأزمة قانونيا و دسنوريا  فوصلت الرداسة الى أن.

وصلنا الى ان أمريكا مع عدم حل المشاكل القانونية و الدستورية و لكنه و على عدم تنفيذ المادة (58) من قانون إدارة ألعراق الى مرحلة النتقالية سنة 2004 و مادة 140 من الدستور الدائمى للعراق سنة 2005 لم يعمل به, لم يدخل فى هذه الأمور بأى شكل من الأشكال, أمريكا تعمل على أن تكون هذه المناطق فيها مشاكل و معوقات و تحاول ان يكون هذه المناطق على حالها ان لاتنتقل الى اى منهما وهو مع الإدارة المشتركة لتعزيزمصالحة المختلفة فى هذه المناطق.

**The Policy of the United States of America to Manage the Crisis Kurdish Regions Outside the Administration of the Kurdistan Region After 2003**

**Ghanm Karim Mohammed**

Department of International Relations, College of Political Science-Salahaddin University-Erbil- Kurdistan-  Iraq

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Musa Mohammed Kaval**

Department of International Relations, College of Political Science-Salahaddin University-Erbil- Kurdistan- Iraq

**Abstract:**

Kurdish regions outside the administration of the Kurdistan region, according to most historical and legal documents, are part of the territory of the Kurdistan Region, according to legal and constitutional procedures. These problems had to be solved before 2007, but to the extent that the problems are stuck between the region and Iraq.

Through this research, the researcher endeavored to present the problems and obstacles in Kirkuk and the Kurdish regions through the two doors, in the field and the field. The study touched on the position and policy of the United States of America and successive Iraqi governments after 2003 in dealing with the crisis legally and dysfunctionally, and the presidency reached until.

America did not seek to solve the outstanding problems and the Iraqi government did not save Article 58 of the Iraqi constitution in the transitional phase in 2004 and Article 140 of the permanent Iraqi constitution that the Iraqi people voted in 2005 for, did not enter into these matters in any way, America works Provided that these regions have problems and obstacles and try to be these regions as they are not to move to either of them and he is with the joint administration to promote various reconciliation in these areas.